Kurdistan.net کوردستان نێت

# حەمەنامە 21

سلێمان عەبدوڵڵا یونس / بەریتانیا

لەدیدارێکماندا لەگەڵ بەرێز مام جەلال کە وەکوو دەستەی نوسەرانی [ گۆڤاری ڕوانین ] چووبوینە لای بەرێزیان لە بەهاری ساڵی 1998 ، لە بەرامبەر ئەو شێوازە لیبراڵەی کارکردنەمان کە هەندێ بەرپرسی حیزبی پێیی سەغڵەت ببوون مام جەلال وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی کەوتە سەنگەری دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەمان و زۆر ڕاشکاوانە هەموو جۆرە هاوکاریەکی خۆی پێ ڕاگەیاندین و بەمەش ئەو هەوڵەی بە مەبەستی کەوی کردنی گۆڤارەکەمان خرابووە کار شکستی هێنا چونکە لەلایەک بە هیمەتی مام جەلال گۆڤارەکەی ئێمە بووە خاوەن بودجەیەکی تایبەت و لەلایەکی دیکەشەوە هەموو جۆرە پێداویستەکانی چاپەمەنیشی بۆ دابین کرا ، بۆ هەموو ئەو هاوکاریانە مام جەلال تەنها یەک تاکە مەرجی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە هەوڵبدەین هەمیشە سەربەخۆ بوونی خۆمان بپارێزین هەمیشە ڕۆژنامەنوسی بەجەسارەت و ڕاستگۆ بین چاو لە هیچ کەموکورتیەکی ئۆرگانە حیزبی و حکومیەکان بەتایبەت هی یەکێتیی نەپۆشین ، لەو بارەیەوە وتی کام دیکتاتۆر هەیە لەدنیادا لاری لە ستایش و پیاهەڵدانی خۆی بێ ، هیچ دەسەڵاتێک نەبووە لە دنیادا حەزی لە ستایش و پیاهەڵگوتنی خۆی نە بووبێت ، ئەمە هیچ گرنگییەکی نییە ، پێوەری ڕاستەقینە بۆ دیموکراسی بوونی دەسەڵات قبووڵ کردن و گوێگرتنە لە ڕەخنەی ئەوی دیکە یان قبوڵ کردنی ڕای جیاوازی ئەوی دیکەیە ، لەو سۆنگەیەوە دەتوانم بەکاک حەمە سەعید حەسەن بڵێم ، مام جەلال لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا لە گەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ، زۆر دژی ئەو چەپڵە و موجامەلانەیە کە لە دیدار و کۆبوونەوەکانی خۆیدا بەناچاری ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ، ئەمە سەرچاوەکەی لە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکەوە هاتووە ، لە پێزانینی ئەوانەوەیە بۆ تەمەنی 56 ساڵەی خەبات و تێکۆشانی ئەو پیاوە بەراستی سەرۆک و دیپلۆماس و پێشمەرگە تێکۆشەرە ، ئەگینا ئەوەی بۆ تەنها جارێک لە گەڵ مام جەلال دانیشتبێ تێدەگا کە مام چەندە سەرکردەیەکی خاکی و چەند پیاوێکی میهرەبان و ساکارە لە پەیوەندی و موجامەلەی ڕۆژانەدا ، بە چەپڵە پێشوازی کردن لە مام جەلال پەیوەندی بەو داب نەریت و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و کلتورە ڕۆژهەڵاتیەوە هەیە کە کوردستانیش وەکوو هەرێمێک لە هەرێمەکانی ئەم ڕۆژهەڵاتە ، لە سێبەری هەمان کلتور و پەیوەندی کۆمەڵایەتی دایە ، شتێک نییە بە بڕیار یان حەزی مام جەلال دروست بوو بێت .

[ خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ، یەکەم ژنە وێنەگری ڕووداوەکانی خەباتی شاخ ] ئەو ژنە شۆڕشگێرە میهرەبان و سادە و ساکارەی کە هەمیشە بە سەربازی ونی نێو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ناودەبردرێ ، نمونەی ئەو ژنە خۆنەویستانەیە کە هەمیشە مۆم ئاسا لە سوتانی خۆیدا ڕووناکی بەئەوانی دیکە

بەخشیوە ، ئەو شۆڕەژنە بۆ شۆڕش و کوردایەتی ، کامێرای مەردایەتی خستۆتە سەر شان و هەڵمەت و جالاکیەکانی پێشمەرگە ، ژیانی سەخت و دژواری ناو شۆڕش ، سروشتی ژیانی کولەمەرگی گوندنشینەکانی کوردستان و میژووی ڕووداوەکانی شۆڕشی کوردستانی  لە سەخترین و دژوارترین قۆناغەکانی شۆڕشدا بۆ کورد تۆمار کردووە کە بەڕاستی ئەوە دەبێتە یەکەم هەوڵی جدی بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکانی مێژووی شۆڕش لە مێژووی شۆڕشە بەردەوامەکانی کورد و کاری مێژوونوسانی کورد زۆر ئاسان دەکات لە نوسینەوە یان هەڵسەنگاندنی ڕووداو بەسەرهاتەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا ،

خاتوو کەژاڵ ئەحمەد ،کە دەنگی ڕەسەن و پێشەنگی پر جەسارەتی مێی تا نەوێ شیعری کوردیە لە پێشەکی چاوپێکەوتنێکدا کە لە بەرنامەی [ لە هەر باخێ ژنێ ] لە گەڵ خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ، لەیادی 30 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان دا لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات دا لەگەڵی ساز دابوو ، دواتریش هەمان چاوپێکەوتن لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە 3692 ی ڕۆژی چوارشەممە8 / 6/ 2005 بلاوکرایەوە سەبارەت بە خۆنەویستی ئەو ژنە تێکۆشەرە یەک ڕاستی زۆر گرنگی درکاندووە ، کەلیرەدا بەگرنگی دەزانم وەکوو خۆی وەریبگرم و دواتر لەگەڵ ڕایەکی کاک حەمە سەعید حەسەن بەراوردی بکەم ، جا با خوێنەری بەڕێزیش خۆی بڕیار لەسەر ویژدانی هەردوو ئەو شاعیرە بەڕێزە بدات ، خاتوو کەژاڵ ئەحمەد لە پێشەکی ئەو دیدارەدا نوسیویەتی [ ئەگەرچی بیستبووم و دەمزانی هەر دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی ڕەتدەکاتەوە ،بەلام مانگی 5 ساڵی 1997 داوام لێ کرد بەبۆنەی یادی دامەزراندنی [ی ن ک ] دوە دیدارێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵدا ئەنجام بدەم ، لە وەڵامدا پێی وتم ئێستا نا بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دیدارە دەکەین  ، وتیشی تا ئەو کاتەش ئەگەر دیدارێکم لە کوردستاندا کردوو  ڕۆژنامەنووسەکە تۆ نەبوویت ، گلەیم لێ بکە ...خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بۆ پەیمانەکەی بەوەفا بوو ، ئەوەبوو لە یادی 30 ساڵەی دامەزراندنی [ ی ن ک ] دا وەک میوانی ژمارە 6 ی لەهەر باخێ ... ژنێ ، هەروەک خاوەن ماڵیش لە ستۆدیۆی کوردسات ئامادە بوو ، بەم جۆرەش توانیم یەکەمین دیداری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا لە گەڵ پێشمەرگەی دێرین و خانمی یەکەمی عێراق ئەنجام بدەم ] کەواتە خاتونێک ، شیرە ژنێکی وەکوو خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دوای زیاتر لە هەشت ساڵ چاوەڕوانی ئەوسا دیدارێکی ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و شاعیرێکی ناسراوی وەکوو خاتوو کەژاڵ ئەحمەد ئەنجام داوە ، ژنێک ئەوەندە خۆنەویست و ئەوەندەش خزمەتگوزار بێت چۆن ڕەوایە کاک حەمە سەعید حەسەن بە [ شابانوو ] ناوی ببات ، شابانووی صێزانی ڕەزاشای گەورە پاشای ملهوڕی ئێران و دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد و یەک لە داڕێژەرانی پیلانی ڕێکەوتنامەی جەزائیر کە هەرەسی شۆڕشی مەزنی ئەیلولی لێ کەوتەوە ، ناوبردنی یەکەم ژنە وێنەگری ڕووداوە سەختەکانی شۆڕش لە شاخ ، جگە لەوەی کاک حەمە سەعید حەسەن خۆی گوتەنی کارێکی قەڵەموەشێنانەیە ، جارێکی دیکەش ڕاستی ئەو دەستەواژەیەی کاکە حەمە دەخاتەوە ژێر پرسیارەوە کە دەفەرمێ [ دیکتاتۆرترین دەسەڵاتی کوردیم ، پێ لە دیموکراتیترین دەسەڵاتی داگیرکەران پێ باشترە ] .

هەموو خەلات و پاداشتی دنیا ناتوانن یەک دێڕ لە مێژووی تەمەنی نوسینی نوسەران بسڕنەوە ، هەر بۆیە نوسەر دەبێ زۆر بەئاگایی و بە ئەوپەڕی قەناعەت و هوشیاری خۆیەوە بنوسێت ، نوسەر ئەگەر نوسینەکانی بە بروسکە یان لە ژێر گوشار و تەکلیفدا ، یان مەرام و مەبەستی دەسکەوتی تاکەکەسی خۆی بنوسێ ، ئەوەی کە ئەمڕۆ بە گەوهەر بە خوێنەرانی دەفرۆشێت ، بێگومان سبەی دەبێتە تۆزی بەرباد ، ئەوەتا تەماشاکەن ئەو شەکرەی دوێنێ کاکە حەمە دەربارەی یەکێک لە سەرکردە دیار و ڕووناکبرەکانی کورد ، دەربارەی کاک نەوشیروان مستەفای سەرکردەی خاوێن و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ،لە[ شالوور و تووتی ] دا دەیشکاند ، تەنها پاش چەند ڕۆژێک لە پێناوی ئاشتی نێو ماڵی کورد و پۆچەڵ کردنەوەی هەموو ئەو بالۆرانەی کە نەزان و ناحەزان لێی دەدەن ، بەهەردوو دەست دەستی بەڕێز بارزانی یەکەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانەکەی خۆمان دەگوشێ ، کۆبوونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتیی و پارتی بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم و ئامادەبوونی کاک نەوشیروان ، جگە لەوەی مژدەی هاوخەباتی و هاوپەیمانێتی زیندووی نێوانیانە ، ئەو تۆمەتانەش دەکاتە بڵقی سەر ئاو کە پێێ وایە سەرکردەیەکی ئاوا کورد پەروەری وەک کاک نەوشیروان بەشداری ئەو کۆبوونەوانە ناکات کە لە سێبەری ئاشتی دا بەڕێوە دەچن ، لێرەدا ڕەوایە بپرسێن ئەرێ بەراست کێیە چاوی بەئاشتی نێو ماڵی کوردان و دەست لە ناو دەستی براکان هەڵنایە ؟

Slemanyunes@yahoo.co.uk